| | | |
|---|---|---|
| بانکی عێراقی ئیسلامی | (K .Y .C)<br>فۆرمی کردنەوەی هەژماری کەسەکار- ئەوتین مووچەکان | وێنەی کەسێتی خاوەنەکەی |

## بەڵێندان لەلایەن کڕیارەوە

من کە لەخوارەوە واژۆم کردوە بە ئیرادەی کەسی خۆم و بەتەواوی بیرو هۆشی ئەقڵیمەوە وبەڕێنمایی یاسایی هەموو ئەو زانیاریانەی کەلە سەرەوە باسم کردوە ڕاست و دروستە هەروەها ڵێندەدەم لەکاتێکدا ئەگەر گۆڕانکاری لەهەر زانیاریەکم روویدات ئەوا بەشێوەی نووسراو هۆشداری دەدەم بە بانکەکە ، هەروەها بەڵێندەدەم کەلەبەردەم یاسا بەرپرسم لە ڕێگر یکردن و نەهێشتنی سپیکردنەوەی پارە و یارمەتی دانی دارایی تیرۆری ژمارە (39) ی ساڵی 2015 و ئەو زانیاری و ڕێنماییانەی کە دەرچووە لەمبارەیەوە ، دووپاتیدەکەمەوە کەوێنەیەکم لە مەرج ونەحکامەکانە وەرگرتووە و خوێندومەتەوەو تێگەیشتم لێ ی و ڕازیبووم لەسەریان بەڵێندەدەم کە من بەگوێرەی ئەوانە هەڵس وکەوت دەکەم :-

- بەڵێن دەدەم کە بەرسیار دەبم بەرانبەربە یاسای باجی ئەمریکی فاتکا (FATCA)
- بەڵێن دەدەم کە بەرپرسیار نیم بەرانبەر بە یاسای باجی ئەمریکی فاتکا ( FATCA)
- بەزات و ڕەسەنایەتی خۆم ئەم هەژمارە بەرێوە دەبەم
- بەڵێندەدەم کە ئەم هەژمارە تونها بۆ حەواڵەکردنی مووچە بەکاریدەهێنم ، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بمەوێت بۆ مامەڵەی دی بەکاربیهێنم ئەوا سەردانی بانک دەکەم بۆ تەواکردنی هەموو ڕێوشوێنەکانی دی

| ناوی کڕیار | واژوو | مۆر و ووردبین و واژوو |
|---|---|---|
| | | |

## بەکار هێنانی لق

من فەرمانبەری ڕێکخەری ئەم فۆرمەم لەبەردەمم واژووکرا لەدوای وردبینی لە واژووی کڕیار بەگوێرەی تۆمارەکانی بانک وەلە دوای وربینی کردنی کە سایەتی واژووکەر و وردبونەوەی لە بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی ، هەموو بەڵگەنامە پشتڕاستکراوەکان بە دەست گەیشت وردبینی کرا لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کڕیار دابوی لەنێو برگەکانی ئەم فۆرمە بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە برگەی سەرچاوەی دانانی پارەی کڕیار .

- ناەی فەرمانبەری ڕێکخەی فۆرم . ..........................................................................
- واژووی فەرمانبەری ڕێکخەری فۆرم:..........................................................................
- ئەم فۆرمە لە بەرواری :.............................ڕێکخراوە :-

من لێپرسراوی سپیکەرەوەی پارەم لە بانک دا ، ووربینی لە هەموو ئەو خانانەی کەهاتووە لەم فۆرمەی سەرەوەدا هەموو زانیاریە پشتڕاستکرا وەکانم وەرگرتووە .

- ناوی لێپرسراوی ڕاگەیاندنی سپیکەرەوەی پارەو پارەدارکردنی تیرۆر / ...........................................
- واژووی لێپرسراوی ڕاگەیاندنی سپیکەرەوی پارەو پارەدارکردنی تیرۆر

من بەرێوەبەری لقم لەبەر تەواوبوونی هەموو ڕێو شوێنەکانی کردنەوەی هەژمار بەشێوەی یاسایی لەلایەن پەیوەندیدارانەوە لەدوای چاوکەتنمان بە کڕیار ڕازیبووین لەسەر کردنەوەی ئەم هەژمارە .

- ناوی بەرێوەبەرێوەی لق یان جێگرەکەی :- ..................................................................
- واژوو :-

| بەکارهێنانەکانی ئیدارەی گشتی | |
|---|---|
| ✓ وێنەیەک لە داخوازی کردنەوەی هەژمارەکە وەرگیراو ڕێ وشوێنەکانی بۆکرا. | |
| ناو و واژووی فەرمانبەر | |
| ناو و واژووی لێپرسراو | |

| | | |
|---|---|---|
| بانکی عێراقی ئیسلامی | (K .Y .C)<br>فورمی کردنەوەی هەژماری کەسەکار- ئەوتین مووچەکان | وێنەی کەسێتی خاوەنەکەی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی هەژمار | | لق | | بەروار | |
| جۆری هەژمار | ☐ لیرۆشتوو | موچەکان | پاشەکەوت | | |
| | ☐ ئافرەتی عراقی | دولار أمریکی | | | |

**داتاکانی کەسێتی کریار**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی چواری ( بەعەرەبی) | | | | نازناو | |
| ناوی چواری (بەئینگلیزی) | | | | نازناو | |
| ژمارەی پاسپۆرت | | بەرواری دەرچوون | | بەرواری لەسەرچوون | |
| ناسنامە باری شارستانی | | بەرواری دەرچوون | | بەرواری لەسەرچوون | |
| ژمارەی کارتی نیشتمانی | | بەرواری دەرچوون | | بەرواری لەسەرچوون | |
| ناوی دایک لەدووپارچە | | | | خیەزانی دایک | |
| ژمارەی رەگەزنامە | | لایەنی دەرچوون | | بەرواری دەرچوون | |
| شوێنی لە دایکبوون | | بەرواری لەدایکبوون | | | |
| رەگەز | ☐ نێر | ☐ مێ | رەگەزنامە | | |
| باری کۆمەلایەتی | ☐ هاوسەرگیری | ☐ تاک | ☐ بێ هاوسەرە | ☐ دەستاپەرداره | ☐ دیکە |

**ئاستی زانستی**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی زانستی | ☐ خوێندنی باڵا | ☐ بەکالۆریوس | ☐ دبلۆم | ☐ بڕوانامەی پسپۆری زانستی | |
| | ☐ ئامادەیی ساناوی | ☐ ناوندی | ☐ سەرەتایی | ☐ دیکە | ☐ نەخوێندەوار |

**زانیاری وناونیشانی نیشتە جێبوون**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | شار | | گەرەک | |
| کۆلان | | خانو | | نزیکترین خاڵی دیاریکراو | |
| تەلەفۆنی زومینی | | تەلەفۆنی خەلەوی(1) | | تەلەفۆنی خەلەوی(2) | |
| پۆستی ئەلەکترۆنی | | | | | |

**زانیاری و کەرتی کارکردن (زانیاری وەزیفی و لایەنی کارکردن )**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆری کەرتی کار | ☐ تایبەت | ☐ گشتی | ☐ دیکە | | |
| لایەنی شوێنی کار | ☐ | | | | |
| چالاکی ئابوری | ☐ پیشەسازی | ☐ بازرگانی | ☐ کشتوکاڵی | ☐ خزمەتگوزاری | ☐ دیکە |
| وەزیفە | ☐ فەرمانبەری میری | ☐ فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ☐ سەرباز ئاسایش | خاوەنی پۆستی سیاسی | ☐ |
| | خانەنشین | خاوەن کار : ☐ | | دیکە : | |
| ناونیشانی وەزیفە | | | | ژمارەی ناسنامە کار | |

**ناونیشانی وەزیفە**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | شار | | گەرەک | |
| کۆلان | | خانو | | نزیکترین خاڵی دیاریکراو | |
| تەلەفۆنی زومینی | | تەلەفۆنی خەلەوی(1) | | | |

**پرسیار لە کریار دەربارەی لیستی قەدەغەکراو هەڵس وکەوت لەگەڵیان لیستی رەش**

| | | |
|---|---|---|
| ☐ وردبینی لە کریارکرا دەربارەی لیستی پرسیاری باوەرپێکراو | ناوی فەرمانبەر : | واژوو : |

# بانکی عێراق ئیسلامی

بۆ وەبەرهێنان و گەشەپێدان

## لیستی داخوازی کارتی داشکاندنی ڕاستەوخۆ

| | | |
|---|---|---|
| لق | | |
| جۆری کارت | ☐ بنەڕەتی (داخوازی نوێ) | ☐ سەربە |

| ژمارەی هەژمار | لقەکان | جۆری مامۆستا | هێمای دراو | ژماری کڕیار | ژماری لق |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری هەژمار | ☐ هەژماری مووچە ☐ هەژماری لێچوو ☐ هەژماری پاشەکەوت | دراوی هەژمار | ☐ دیناری عێراقی ☐ دولاری ئەمریکی |

## داتاکانی کەسێتی

**ناوی خاوەن کارت**

| ناوی چواری | ناوی یەکەم | ناوی باوک | ناوی باپیر | خێزان/نازناو |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

<u>نووسینی ناو بە زمانی ئینگلیزی لە (25) خانە/پیت زیاتر نەبێت بە بۆشاییە کانیشەوە (بەگوێرەی پاسپۆرت ئەگەر هەبوو/بۆشایی لەنێو هەر کەرتێک بەجێدە هێڵرێت):</u>

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامەی چاپسپاندنی | | ژمارەی بڕوانامە | | بەرواری/ شوێنی دەرچوون | |
| شوێنی لەدایکبوون | | بەرواری لەدایکبوون | | ڕەگەز | ☐ کوڕ ☐ کچ |
| ڕەگەزنامەی (1) | | ڕەگەزنامەی (2) | | هێمای نیشتەجێبوون | ☐ ماوەتەوە ☐ نەماتەوە |
| باری کۆمەڵایەتی | ☐ هاوسەرگیرە ☐ بەتەنیایە ☐ بێ هاوسەرە | | | ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بە کورتە نامەی SMS | |

## زانیاری و ناونیشانی نیشتەجێبوون

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | شار | | گەڕەک/ ناوچە | |
| گەڕەک: | | کۆڵان: | | باڵەخانە/ خانو | |
| نزیکترین خاڵی دیاری | | | | | |
| تەلەفۆنی زەمینی | | تەلەفۆنی خەلەوی(1): | | تەلەفۆنی خەلەوی(2): | |
| پۆستی ئەلەکترۆنی | | | | | |

## کارتی سەربە

| | |
|---|---|
| دەمەوێت کارتی زیاترم دەست بکەوێت جگە لە کارتە بنەڕەتیەکەم کە ژمارەی: | |
| ناوی هەڵگری کارت | |
| ناو بە زمانی ئینگلیزی | |
| واژووی خاوەنی کارتی سەربە | |

| | |
|---|---|
| خزمایەتیە | |
| بەروار | |

## بۆ هەژماری هاوبەش پڕدەکرێتەوە

| | | |
|---|---|---|
| ناو : | ناو : | ناو : |
| واژوو : | واژوو : | واژوو : |

## مەرج و ڕێساکان

1- کارت لە هەموو کاتێکدا وەک موڵکی بانکەکە دەمێنێتەوە، پێویستە لەسەر هەڵگری کارتەکە دەستبەجێ رادەستی بانکەکەی بکاتەوە، ئەگەر بێت و داوای لێکرد، هەروەها مافی بانکەکەیە لە هەرچ کاتێکدا بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، کارتەکە رابکێشێت یان ڕەتیبکاتەوە یان ڕێگری بکات لەبەردەوامی بەکارهێنانی، بەپێی بۆچوونی ڕەهای خۆی بە تایبەتی، بەڵام بە دیاریکراوی نا، لەم حاڵەتانەی خوارەوە:
- داخستنی ئەکاونتی هەڵگری کارتەکە.
- مردن یان لە دەستدانی خاوەندارێتی یاسایی خاوەن ئەکاونتەکە یان یەکێك لە هاوبەشەکان ئەگەر هەژماری هاوبەش بێت.
- بەسەرچوونی کارتەکە

2- کارتەکە و ژمارەی نهێنی تایبەت بە کارتەکە دەردەچێت و رادەستی هەڵگری کارتەکە دەکرێت لەسەر بەرپرسیارێتی هەڵگری کارتی کەسێتی، هەروەها بانکەکە بەرپرسیار نیە لە هەرچ زەرەر و زیانێك لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی کارتەکە و ژمارەی نهێنی، هەموو بەکارهێنانەکانی کارتەکە ژمارەی نهێنی تایبەت بە کارتەکە بە کاریگەر و دروست دادەنرێت و لە ئەستۆی هەڵگری کارتەکەدایە.

3- بەبێ دەستکاریکردنی حوکمەکانی برگەی (2)ی سەرەوە، هەڵگری کارتەکە بەڵێن دەدات بەهەموو توانایەکیەوە لە وریایی، دووربکەوێتەوە لە ونبوون یان دزینی کارتەکە و وردەکاری ژمارەی نهێنی کارتەکە، هەروەها هەڵگری کارتەکە بەڵێن دەدات لە هیچ کات و لە هیچ باروودۆخێکدا ژمارەی نهێنی بۆ کەس ئاشکرا نەکات بە هەرچ هۆکارێك بێت و پێویستە هەڵگری کارتەکە دەستبەجێ بانکەکە ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر بێت و کارتەکە وونبوو یان دزرا یان یەکێك بە هەرچ شێوەیەك ژمارەی نهێنیەکەی زانی و بەرپرسە لە هەموو بەکارهێنانەکانی کارتەکە لەوانە پرۆسەی راکێشان کە پێش ئەوەی بانکەکە ئاگادار بکاتەوە، پێویستە لەسەر بەشداربوو ئاگاداریەکی نووسراو بە زووترین کات بگەیەنێتە بانکەکە.

4- ئەوەی زانراوە و لەسەری کۆکن هەموو ئەو پرۆسانەی بەردەستی بەشداربووانن لەسەر کارتەکە ئایا بۆ کاری راکێشانی ئاختینەیی یان کڕینی کاڵ و پەل و خزمەتگوزاریەکان یان هەرچ پرۆسەیەکی تر لەناو عێراقدا بێت یان دەرەوەی عێراق، دەبێت بەپێی ڕەچاوکردن و مەرج و ڕێنماییانەی خوارەوە بێت:
- هەموو پرۆسە پەسەندکراوەکان لەلایەن بانکەکەوە ڕێگایان پێدەدرێت، یان هەرچ لایانێکی تر کە بانکەکە لەجیاتی خۆیی ڕێگای پێبدات بۆ پەسەند کردن یان ڕەتکردنەوەی پرۆسەکە.
- هەموو پرۆسە پەسەند کراوەکان راستەوخۆ لەسەر هەژماری بەکارهێنەری بانکەکە دەنووسرێت یان دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی داوا دەکرێت.
- هەرچ دراوێك یان رسوماتێك بانکەکە پەسەندی دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە راکێشانی ئەختینەیی لە ئامێری ئۆتۆماتیکی وەرگرتنی پارە لە ناو عێراقدا بێت یان لە دەرەوەی عێراق.

- رەزامەندی لەسەر جوڵە دەکەوێتەسەر دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان لە ئەکاونتی/ ئەکاونتەکانی بەشداربوی بانکەکە، بەشداربوش بانکەکە لەهەموو بەرپرسیارێتیەك دەبەخشێت لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی ڕێگەدان بە جوڵە، سەرەرای دابینکردنی پێداویستی پێویست لە ئەکاونت/ ئەکاونتەکانی لە بانکەکە ئەگەر هۆکاری ڕەتکردنەوەکە ڕێگەپێدانی جوڵەکە بووبێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی بانکەکە بەتایبەتی بە هۆکارە هونەریەکان ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە تێکچوونی ئامێری ئۆتۆماتیکی وەرگرتنی پارە یان ئامێری کۆمپیوتەر یان تۆڕی هێڵەکانی پەیوەندیکردن.

5- پرۆسەی راکێشان لە ڕێگای کارتەوە پرۆسەیەکی راست و دروستە، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە لەسەر بەشداربوو کاتێك کارتەکەی وون دەکات دەستبەجێ بانکەکە بە نووسراو ئاگادار بکاتەوە تاکو کارتە وونبووەکە لەکار بخرێت و کارتێکی دیکە لەجێی ئەو کارتە دەربکرێت.

6- بانکەکە هەموو کڕین و رسومات و خەرجیەك یان هەرچ بڕە پارەیەك کە رادەکێشرێت، لەسەر هەڵگری کارتەکە هەژماری دەکات، یان هەرچ هەواڵە کردنێك لە ڕێگای بەکارهێنانی کارتەکەوە بکرێت، لەهەموو باروودۆخێکدا هەڵگری کارتەکە بە تەواوەتی بەرپرسیارە لەم پرۆسانە لەبەر ئەوەی کۆتاییە و پابەندە بە هەموو پێداویستیەکان و هەڵگری کارتەکە دەست هەڵدەگرێت لە ماف و تانەدان لە رەوایەتیەکەی.

7- هەڵگری کارتەکە دەبێت رەزامەندبێت و بانکەکە سەرپشك بکات هەموو رسومات و خەرجی و قازانج و خەرجیەکانی دەرچوونی کارتەکە و رسوماتی گۆڕین لەسەر هەژماری هەڵگری کارتەکە بنوسێت لە بانکەکە، کە بانکەکە بڕیاری لێداوە ناو بەناوە بکرێت و گۆڕانکاری تیادا بکات.

8- بانکەکە بەرپرس نیە لە هیچ زەرەر و زیانێکی راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ بەهۆی کەمتەرخەمی یان دواکەوتنێك بە هۆی ئامێرکانی پەیوەندیکردنەوە یان بە هۆی کاڵ و پەل و کەرەستەکانەوە یان خراپ بەکارهێنانی کارتەکە یان بانگی ئۆتۆماتیکی یان خاڵەکانی فرۆشتن یان جێبەجێنەکردنی ڕێنمایەکان لە ڕێگای بانکی ئۆتۆماتیکی یان بە هۆی هەرچ شتێکەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بانکەکەبێت.

9- هەرچ پارەدانێك بە بەکارهێنانی کارتەکە بکرێت دەخرێتە سەر هەڵگری کارتەکە، دوای ئەوەی بانکەکە لەراستیەکەی دڵنیا دەبێتەوە، ئەم هەژمارکردنە کۆتاییە و پابەندە بەهەموو کارەکانەوە.. هەڵگری کارتەکە دەزانێت مافی ئەوەی نیە هەڵسوکەوت بەو بڕە پارانەوە بکات کە لە تۆڕەکان دانراوە، تەنها دوای ڕێکاری پاککردنەوە و پێدانی نرخەکەی بە بانکەکە لە لایان ئەو بانکەی لێی راکێشراوە.

10- لەکاتی بەکارهێنانی وەرگرتنی ئۆتۆماتیکی پارە یان ئامێری خاڵەکانی فرۆشتن بۆ پێدانی پارەی خزمەتگوزاریەکان وەك تەلەفۆن و کارەبا، بانکەکە بەرپرسە نیە لە هیچ تێچوویەك یان زەرەرێك بەو هۆیەوە دروست بێت، لایانیش نابێت لە هیچ ناکۆکیەك کە دروست بێت لە نێوان هەڵگری کارتەکە و پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکان.

11- مافی بانکەکەیە ئەگەر ئەکاونتەکە هاوبەش بێت کارتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو هاوبەشێک لە ئەکاونت دەربچێنێت لەسەر داوای هەموو بەشداربوان لە هەژمار، بە بەرپرسی تاك و هاودەنگ هەژمار دەکرێن بەرامبەر بە بانکەکە سەبارەت بەو پابەندیانەی لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەم کارتانە دێتە ئاراوە.
12- بانکەکە بۆی هەیە بەپێی هەڵبژاردەی خۆی کارتەکە لەدوای بەسەرچونی تازە بکاتەوە بۆ ئەو ماوەیەی خۆیی مەبەستێتی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەبێ ئەوەی پێویست بکات رەزامەندی بەشداربوو وەربگرێت، تەنها ئەگەر بەشداربوو بانکەکەی لە پێش دوو مانگ بەلای کەمەوە لە بەرواری کۆتایی هاتنی کارتەکە ئاگادار کردەوە بە شێوەی نووسینی دەستی کە ئارەزووی تازەکردنەوەی نیە.
13- مافی بانکەکەیە بە هەموارکردنەوەی هەموو یان هەرچ خاڵێك لە مەرج و رێساکان لە هەرچ کاتێك یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و ئەم هەموارکردنە لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی بەشداربوو کاری پێدەکرێت و بە نووسراوێك لە رێگای ئیمێڵەوە دەنێردرێت بۆ ناونیشانی بەشداربوو کە لەلایان بانکەکەوە باوەرپێکراوە یان هەرچ ئامرازێکی گەیاندنی دیکە کە بەردەست بێت.
14- مافی بانکەکەیە هەرچ زانیاریەك ئاشکرا بکات پەیوەندی بە بەشداربوو یان ئەکاونتەکانیەوە هەبێت بۆ هەرچ یەکەیەکی سەر بەخۆیی یان سەر بە کۆمپانیەکان یان ئەو بانکانەی سەربەخۆیەتی یان موڵکی خۆیەتی یان هی هەرچ کەسێکی ترە، بانکەکە بە پێویستی دەزانێت ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەر بێت و ئەو لایانە یان ئەو کەسە رێگە پێدراوبێت لە رووی یاساوە بە بینینی ئاکاونتەکان یان بە رەزامەندیەکی نووسراوی بەشداربوەکە.
15- ناونیشانی بەشداربوو بۆ ئاگادارکردنەوە، ئەو ناونیشانە دەبێت کە لای بانکەکە دەپارێزێت و پێویستە بەشداربوو بە نووسراو بانکەکە ئاگادار بکاتەوە لە رووданی هەرچ گۆرانکاریەك.
16- دادگاکانی عێراق تایبەت مەندن بە بینینی هەرچ ناکۆکیەك پەیوەندی بە شیکردنەوە یان جێبەجێکردنی ئەم مەرج و رێسایانەوە هەبێت یان بەکارهێنانی کارتەکە و هەردوو بەشداربوو و بانکەکەش مافی ئاڵوگۆری ئاگاداریە یاسایەکانیان لە دەست دەدەن.
17- بانکەکە مافی ئەوەی هەیە دەست بەسەر کارتەکەدا بگرێت و رەتیبکاتەوە ئەگەر هات و بەشداربوو لەدوای سێ مانگ بەسەر دەرچونی وەرینەگرێتەوە.

## رەزامەندی لەسەر گرێبەستەکە

دان بەوەدا دەنێم من بە ئارەزوی خۆم ئیمزام لە خوارەوە کردوە بەهەموو ئامادەکاریە یاسایەکانەوە، هەموو بەیاننامەکانی سەرەوە راستن، هەروەها بەڵێن دەدەم بانکەکە بە نووسراو ئاگادار دەکەمەوە لەکاتی گۆرانی هەرچ کام لەو بەیاننامانەی باسکراون، بەڵێنیش دەدەم پابەند بم بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و بەرەنگاربوونەوەی پارەدارکردنی تیرۆر ژمارە (29) بۆ ساڵی 2015 و هەموو ئەو سیستەم و مەرجانەی دەرهەقی دەرکراوون، دوپاتیشی دەکەمەوە کە کۆپیەکم لە مەرج و رێساکان وەرگرتوە و خوێندومەتەوە و لێی تێگەیشتوومە و رازیبومە لەسەری، بە پێچەوانەشەوە بەرپرسیارم لە هەموو دەرئەنجامە یاساییەکان، لەبەر ئەمە ئیمزام کرد و رازیم لەسەر دەرکردنی کارتەکە.

الاسم التوقيع التاريخ تدقيق التوقيع

من فەرمانبەری رێکخەری ئەو فۆرمەم کە لەبەردەمم ئیمزا کرا و واژوی بەشداربوو پشتراستکراوەتەوە بەپێی تۆمارەکانی لە بانکەکە و لەدوای پشتراستکردنەوەی کەسێتی ماڵپەرەکە دوای سەیرکردنی بەڵگە نامە ئەسڵیەکانی و هەموو بەڵگەنامەکان پشت ئەستور بە زانیاریەکان بەدەستهاتوون کە بەشداربوو ئاشکرای کردوون لە چوارچێوەی برگەکانی ئەم فۆرمە و دڵنیابوینەوە کە ئەوەی داواکاری پێشکەشکردوە هەموو پێداویستیەکی بۆ بەدەستهێنانی کارتەکە جێبەجێکردوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو و ئیمزای فەرمانبەر | | بەروار | |
| ناو و ئیمزای بەریوەبەر یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات | | بەروار | |